The Center of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

## له یادی 8000 بارزانیدا

## با ڕۆژی 31-7 , ڕۆژی بێسەروشوێنکردنی 8000 شەهیدی بارزانی , هەموو بەیەك دەنگ پێکەوە بڵێین " سەرجەم تاوانبارانی کوردستان بۆ دادگا "

له ڕۆژی 31–7ی ئەمساڵ , 24 ساڵ بەسەر بێسەروشوێنکردن و شەهیدکردنی 8000 بارزانی تێدەپەڕێت , 24 ساڵ پێش ئێستا ڕژێمی دڕندەی بەعس له ڕۆژەکانی 31–7 و 10–8 دا , زیاتر له 8000 بارزانی نێرینەیان, له سەروی 10 ساڵییەوە , زۆر بێویژدانانه به کۆمەڵ له ئۆردوگاکانی قوشتەپە و بەحرکەو حەریر گرت و دوایی به کۆمەڵ له بیابانەکانی باشوور شەهیدیانیان کرد , تا ئێستا نزیك به 500 تەرمی ئەوان دۆزراوەتەوەو هێنراوەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان .

ژیانی پڕ له دەردو مەینەتی پاشماوەی ئەو قوربانیانه , مەرگەساتی دایکان و خوشکانی بارزانیمان , هەموو ویژدانێکی زیندووی ئازار دەدا , بەردەوام ڕق و تۆڵەی له بەعسییەکان و نۆکەرانی له ویژدانمانا دەچاند .

ئەمڕۆ له کاتێکدا یادی ئەو ئازیزانەمان دەکەینەوە , دۆسییەی دادگایی تاوانباران له پای تاوانی ئەنفال کۆتایی پێهات , مەخابن هەموو تاوانکارە سەرەکییەکانی ئەو تاوانه که سەدام و بەرزان تکریتی بوون بێلێپرسینەوە لەسەر ئەوتاوانه بۆی دەرچوون . ئێمه له پارساڵدا له یادی 8000 بارزانی ئازیزماندا وتمان و داوامان کرد " ئێمه لەم یادە پڕ له تراژیدیاو کارەساتاوییەدا , گەلەکەمان هوشیار دەکەینەوە , به هوشیاری و وردبینییەوە چاوەڕوانی پرۆسەی دادگاییەکان ببین و , ڕێگە نەدەین هیچ تاوانێکی ڕژێم , بەرامبەر به گەلەکەمان , بەبێ دادگاییکردنی تاوانباران له سەری به سەرماندا تێبپەڕێت , له بەرامبەر هەر چاوەڕوانکراوییەکی لەم چەشنەدا , دەبێت هەموو جەماوەری کوردستان بڕژێنه سەر شەقامەکان به توندی دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوە , هەروەها له حالەتی وادا بێدەنگی حکومەتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش خەتایەکی گەورەی مێژوییە بۆ هەتا هەتایە لێی دەرناچن , بۆیە دەبێت به هوشیاری و وردبینییەوە چاوەڕوانی وردەکارییەکانی دادگا ببین و خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکەین , ئەوەی بۆ ئێمه گرنگه دادگاییکردنی تاوانبارانه , نەك ئیعدامی به پەلەی تاوانباران و شاردنەوەی ئەو تاوانانەی بەرامبەر به گەلەکەمان ئەنجامدراوە , تەنها له ڕێگەی دادگاییکردنەوەیە قەوارەی تاوانەکان و مەزلۆمیەتی گەلەکەمان بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەبێت , دەردەکەوێت ژیانی کورد له ژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەران هەموو کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدە " .

مەخابن ئەو داوایەمان نەهاتە دی و کەسیش گوێی لێنەگرتین و وتەکەمانی بەهەند نەگرت , کەیسی بارزانییە خۆشەویستەکانیشمان پشتگوێ خرا , هەڵەبجە فەرامۆشکرا , گوێ لە فەیلییەکان نەگیرا , ئاوارەکانی کەرکوک و ناوچە تەعریبمراوەکان بێمافکران ... .

لە یادی 24 ساڵەی ئەم کارەساتە جەرگبڕە , داواکارین ڕۆژی ئەو تاوانە گەورەیە بکەینە , ڕۆژی داواکاری گشتی بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تاوانباران , ڕۆژی بەرەورووبونەوە لەگەڵ خیانەتکاران , ڕۆژێك هەموو پێکەوە بڵێین هەموو تاوانکاران بە بێجیاوازی بەرەو دادگا .

**بەرز و بەڕێز بێت یادی 8000 بارزانی خۆشەویستمان**
**ڕیشەکێش کرێت بەعس و بەعسیزم لە کوردستان**
**بژی دادپەروەری**

**ناوەندی چاك**

**2007-7-24**

**www.chak.be**